


Preview sample - page 1 of 7 - Soran University Academic Digital Library

وەزارەتی رۆشنبیری

بەڕێوەبەرایەتیی خانەی وەرگێڕان

www.roshnbiri.org

khanaywargeran@yahoo.com



- ناوی کتێب: هونەری شیعر
- ناوی نووسەر: نەرستۆتڵس
- وەرگێڕانی لەئەڵمانییەوە : د. حەمید عەزیز
- بابەت: فەلسەفە
- تایپو نەخشەسازی: نازەنین سالح
- زنجیرە: 120
- تیراژ:1000
- ژمارەی(342)ی وەزارەتی رۆشنبیری سلێمانی پێدراوە.
- چاپ: کاربین

Preview sample - page 2 of 7 - Soran University Academic Digital Library

پێشەکی

1- هونەری شیعری ئەریستۆتلس یەکەم بەرهەمی رێك‌و پێکە دەربارەی تەتەڵەکردن‌و لێکۆڵینەوەی شیعرو بابەت‌و جۆرەکانی. راستە ئەفلاتۆن لەکتێبی کۆمار- فەسڵی دەیەم-و دیالۆگی ئایۆن‌و چەند شوێنی تردا بیروبۆچوونی خۆی دەربارەی شیعرو شاعیر دەربڕیوە بەڵام بەرهەمێکی سەربەخۆی لەم بارەیەوە نەنووسیوە.

ئەفلاتۆن بەتێکرایی بیروبۆچوونی نالەباری دەربڕیوە دەربارەی هونەر بەگشتی‌و شیعرو شاعیران بەتایبەتی لەفەسڵی دەیەمی کوماردا-

Preview sample - page 3 of 7 - Soran University Academic Digital Library

کەبەئەڵمانی دەوڵەتی پێ دەوترێ- ناوەڕۆك و
کارو پوختە- جەوهەری- کاری هونەریی و
هونەرمەند دەکاتە بیانوی دوورخستنەوەو بگرە
دەرکردنی هونەرمەندو شاعیر لەکۆمارەکەیدا
چونکە، هونەرمەند کەرەنگی تابلۆیەك دەرێژێ
یاخود وێنەیەك دەکێشێ لاسایی شتێك دەکاتەوە
لەجیهانی هەستدا، بەهەستێك لەهەستەکان رێی
پێ دەبردرێ. ئەم شتەش بۆ خۆی لاسایی
کردنەوەی ئایدیایەکە کەلەجیهانێکی ترداییەو
لەهەموو جۆرە ماددەیەکەوە دووره. کەوابوو
هەموو هونەرێك و هونەرمەندیش خۆی لاسایی و
لاساییکردنەوەی شتێکی لاسایی کراوەنین. واتە
لاساییکردنەوەی لاساییکردنەوەن، ئەمەش
مانای دووجار دوورکەوتنەوە لەراستیی و
راستەقینە دەگەیەنێ. کەبووا هونەرمەند بەو
تابلۆو وێنەیەی کێشاونی لاساییکردنەوەیەکی

Preview sample - page 4 of 7 - Soran University Academic Digital Library

شـتێکه، شـتەکە بۆخـۆیی لاسـاییکردنەوەیە ئەمـەش رەوا نییـە. ئـەفلاتون ئـەم بۆچـوونەی دەربـارەی هونـەرو هونەرمەنـد لـەجیهانی شـیعرو شاعیراندا بەهەمان شێوە پیادە دەکاتو دەڵێ ئەو وێنـەو بۆچـوونانەی شـاعیر بەشـیعرەکانی دەیانداتـە دەسـت لاسـاییکردنەوەی لاسـاییکردنەوەن و ناراسـتو ناتـەواون و روالـەتیو ئێمـە پێویسـتیمان پێیـان نییـە. ئەریسـتۆتلس بۆچـوونی لاسـاییکردنەوەکەی پەسند کردووە، بەڵام چۆنو تاچ رادەیەك.

2- بـەتێکرایی هونـەری شـیعر وەك بابـەتو بەرهـەم گومـانی لێنـاکرێ ئەریسـتۆتلس خـۆی نووسیویەتیو مافی هیچ کەسێکی تری بەسەرەوە نییـە، خـۆ ئەگـەر سـوودی لەئـەفلاتۆنو فەیلەسووفەکانی پێش خۆی وەرگرتبێ ئەوا ئەو

Preview sample - page 5 of 7 - Soran University Academic Digital Library

بیروبۆچـــوونانەی بـــەجۆرێك داڕشـــتووەنەتەوە بەئاشـکرا لـەدوو تـوێی ئـەو بەرهەمانـەدا ریـز دەکرێن کەخامە رەنگینەکەی رەنگی رشتوون.

لەوانەیـــە لـــەکاتی خوێندنـــەوەی هونـــەری شیعری ئەریستۆتلس دوو گلەیی بکرێت:

1-بابەتەکـە لـەزۆر شـوێندا وشـكو نادیـارو ئالۆزەو خوێنـەر بەتـەواوەتی لەمەبەستی نووسـەر ناگات.

2-بـەجۆرێك باسـی تراژیـدیاو پالەوانناممـەو ئەفسانەو ئەدەبی کۆنی یۆنان ئەکات دوور نییـە دڵ کرمـێ بکـاتو بڵێـی ئەمانـە چـۆن ئەفسـانەو پالەوانناممەن.

هـــەردوو گلەییـــەکان تارادەیـــەك لـــەجێگای خۆیاندان، بەڵام کێشەکە روخسارێکی تری پـێ دەبـرێ ئەگـەر بێتـو ئـەم راسـتیانەی خـوارەوە لەبەرچاو بگرین:

Preview sample - page 6 of 7 - Soran University Academic Digital Library

أ- هەموو شارەزاو پسپۆرانی فەلسەفەی ئەریستۆتلس بەتایبەتی و پسپۆرانی فەلسەفەی یۆنان بەگشتی لەو باوەڕەدان ئەریستۆتلس ئەم بەرهەمەی بۆ بلاوکردنەوە نەنووسیووە بەڵکو چەند بیروبۆچوون و تێبینیەك بوون لەکاتی وانەو دەرس گوتنەوە بەشاگردەکانی سوودی لێوەرگرتوون. خۆ ئەگەر چەند شوێنێك تەومژاوی بێنە بەرچاو ئەوا نووسەر لەکاتی دەرس وتنەوەدا بەقسە رووبی کردوونەتەوە ئیتر کەلەسەدەی یەکەمی زایینیدا بەرهەمەکانی کۆکراونەتەوەو بلاوکراونەتەوە بەبێ دەستکاری ئەمەشی خراوەتەسەر.

ب- ئەدەبی کۆنی یۆنان تارادەیەك و پاڵەواننامە بەتایبەتی لەچاو پاڵەوانnامەی رۆژهەلاتدا بەدوو خاڵ جیادەکرێتەوە.

یەکەم: پاڵەوانnامەی یۆنان ریالیستییە و تارادەیەکی زۆر پشتی کردۆتە دنیوو درنج و خێوو

Preview sample - page 7 of 7 - Soran University Academic Digital Library